تۆڕی تیرۆریستیی شێخ زانا، بەناوی جیهادو شەریعەتی خوا:

کوشتنەوە... پارچە پارچەکردن... نێربازی...

پاش زنجیرەیەک کاری تیرۆریستی نامرۆڤانە لە پایتەختی کوردستان هێزەکانی ئاسایش و دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی پاراستنی سەقامگیری توانییان تۆڕێکی زۆر ترسناک و گەورەی تیرۆریستی بەناوی تۆڕی شێخ زانا و هاوکارەکانی دەستگیر بکەن، سەرنج لەکارە نامرۆڤەکانی ئەو کوڕە بدەن کە چۆن بەناوی ئایین وجیهاد و حوکم کردن بە شەرعی خوا گەنجیان فریوداوە و دواتر دەستیان کردووە بە سەربڕینی خەڵک و کاری سێکسی و نێربازی و مەشروب خواردنەوە و ئەتک کردنی کچان و چەندین کاری قێزەوەنیتر کە دواجار هەر هەمووشیان بەناوی جیهاد و ئەرکەکانی موجاهید و شەرعی خوا ئەنجام داوە، «خەبات» بە زنجیرە لێدوانی ئەو تیرۆریستانە بە زمانی خۆیان و دەق بڵاو دەکاتەوە:

7

بەشێک لە دانپیانانەکانی تیرۆریست هەڤاڵ

شێخ زانای تیرۆریست لە هەڤاڵ دەدوێ

تیرۆریست شێخ زانا وەک هەڵسوڕێنەری گرووپەکە پێناسەی هەریەکەیان دەکات، دەربارەی تیرۆریست هەڤاڵ، زانا دەڵێت:

بەراستی هەڤاڵ عونسورەکی موهیم بوو، فەترەکی تەوافوقی لەگەڵ کرد، زۆر زۆر ئیستیفادەمان لێی کرد، بیدایەت هەڤاڵ برادەرایەتیەکی ئیعتیادی لەگەڵ ئەژی هەبوو بەڵام پاش ئەوەی ئەژی وەسفی ئەو کوڕەی کرد لە بۆمن و تەئهیلاتی ئەو کوڕەی بە حوکمی ئەوەی لە مزگەوتی ئەو مەنتیقە دەرس و دیراسەی دەگۆتەوە و گەنجێکی زۆری دەناسی بەباشم زانی ئیشی لە سەر بکەین، هەڤاڵ تەعاروفی لەگەڵ هاشم کرد، پێشتر دەیناسی، بەڵام تەعاروفی تەنزیمی، تەنزیمی ئەنسار، ئەوەبوو فەترەیەک بەیەکەوە بوون، دەرس و دیراسەیان بەیەکەوە بوو، هاشم دەرسی بە هەڤاڵ دەگوت، و هەڤاڵ چووە بیارە، سەفەرەکەی کرد لە بیارە ئەیوب ئەفغانی دیتبوو شەوێ لە ئاسایشی بیارە مابوونەوە بە ئیعتباری ئەوەی کەس نەیانبینێ، عەلەساس دەورەکی تەدریبیان لە بۆ بکەنەوە لە سەر بەکارهێنانی چەک و دروسی تەنزیمی و ...، ئیتر کە گەڕاوە تەقریرەکی موفەسەلی لە سەر سەفەرەکەی کە چۆن چووە و لە سەیتەرەکان چۆن دەربازیان بووە نووسی.

چۆن نەناسرێنەوە!

شێخ زانای تیرۆریست لە باسی هەڤاڵدا چەند خاڵێک دەخاتە روو کە ئەوان ئیشیان لە سەر کردووە و بەکاریان هێناوە بۆ تێکەڵ کردنی ئەندامەکانیان لەگەڵ خەڵکی ئاسایی، ئەوەتا دەڵێت: کە هەڤاڵ گەڕاوە تەقریرەکی موفەسەلی لە سەر سەفەرەکەی نووسی کە چۆن چووە و لە سەیتەرەکان چۆن دەربازیان بووە، پێمان دەگوتن پاکەتتان پێ بێ و لە گیرفانتان دابنێن، قەمیس و پانتۆری لە بەربکەن، هەندێک رەسمی ئیبراهیم و هونەرمەندتان پێ بێ، یەعنی جەوێکی عادی گەنجانە بێ، وەکی دەگەیە سەیتەرەی جگەرەی پێبکە و جگەرە بکێشە، ئیتر کە گەڕایەوە تەقریرێکی موفەسەلی لە سەرجەوی بیارە و جەوی ئاسایشی بیارە و ئەیوب ئەفغانی و عەبدوڵڵا برای دەشتی کە لەوێندەرێ دیتبووی، دانیشتبوو لە گەڵیان، ئەو تەقریرەی تەقدیمی ئەژی کرد، خەتەکە بەو شێوەیە، یەکەم هاشم دووەم هێمن دوایی عەلی وەلی لە پاشان ئەبو عەبدوڵڵای شافعی.

سەرپەرشتکاری کارە تیرۆریستیەکانی هەولێر

زانای تیرۆریست باس لەو گرووپە دەکات کە سەرپەرشتی کاری تەنزیمی ئەنساری ئیسلام دەکات لە هەولێر و دەڵێت: ئەوەی کە سەرپەرشتی ئموری هەولێرێ و تەنزیماتی داخیلی و عەمەلیات و شت دەکات لە هەولێرە، هێمنە، هێمنیش تەوجیهات موباشر لە عەلی وەلی وەردەگرێ، ئێستاش هێمن خۆی وماڵی لە بەغدایە، پێشتر لە مووسڵ بوو ماڵی لە موسڵ بوو، بەڵام بە ئەمری عەلی وەلی ماڵەکەی نەقڵ کرد بۆ بەغدا، فەترەیەک هێمن هاتوچۆی مووسڵی دەکرد، لە پاشان کە کەشف بوون، لەگەڵ هاشم بە بەردەوام دەمانەوە.

هەڤاڵ هاتووچۆی مووسڵ دەکات بۆ دەرس خوێندن

زانای تیرۆریست دەگێڕتەوە کە پاش ئاشکرابوونی هێمن و هاشم لە مووسڵ، هەڤاڵ دەچووە لایان، ئەوەتا دەڵێت: ئەوجارە هەڤاڵ دەچووە لایان لە مووسڵ دەیدیتن، مەوعیدیان دادەنا، هەموو سێ شەممان، جاری وا هەموو پێنج شەممان، جاری وا هەموو شەممان لە سەر ئەوقاتی فەراغیان هەڤاڵ دەچوو، دەرسیان بە هەڤاڵ دەگۆ، موراوەغەی تەحقیقیان پێ دەگۆ، هەروەها ئموری تەنزیمی و ئەوشتانە، تاساڵێک وای لێهات رایان لە هەڤاڵ بوو، ئەوەبوو دەشتیان تەسمیلی هەڤاڵی بوو کە برای عەبدوڵڵای دەکات.

هەڤاڵیش قوتابی ئەژی موعتەسەمە

هەڤاڵی تیرۆریست بەم شێوەیە سەرەتاکانی تێکەڵ بوونی بەکاری بە ناو ئیسلامی باس دەکات و دەڵێت: خوێندنی قورئانم لە مزگەوتی ماجیدی دەست پێکردیە، دەورەکیان کردەوە لە لایەن مامۆستایان ئەژی موعتەسەم و سیروان عەبدوڵڵا مەحمود دەرسیان پێدەگوتین، دەرسەکانیش فیقهو عەقیدە و لەگەڵ تەفسیر، پاشان دەورەیەکمان کرد لە مزگەوتی ڕۆناکی لە ساڵی 1996 کە ئەویش لە لایەن مامۆستایان سیروان و عەبدوڵڵا مەحمود و ئەژی موعتەسەم، دواتر لەلای ماڵی خۆمان مزگەوتی نانەکەلی کرایەوە، هاتوچۆمان کرد، ئەویش، ئێمە لەگەڵ هاشم و عەبدوڵڵا عەبدولرەحمان و کارزان عەبدولرەحمان و دەشتی عەبدولرەحمان و ڕێبوار سەرپەرشتی هەندێک کەسمان دەکرد، مزگەوتەکە سەرەتا نەشاتێکی وای نەبوو، پێشنیارمان کرد کە ئەمیرەکی بۆ دابنرێ، ئەوەبوو شەوێک ڕێککەوتین لەگەڵ هاشم و عەبدوڵڵا کە ڕۆژگار بکەینە ئەمیری مزگەوت بۆ ئەوەی کارەکانی مزگەوت بەڕێوەببات.

دامەزراندنی جەماعەتێک بۆ بە ناو جیهاد کردن

هەڤاڵ لە بەشێکی دانپیانانەکانی باس لە چوونەلای مەلا سەلمان و وەرگیرانی لە کۆلیژی پەروەردە بەشی زمانی عەرەبی و دواتر بەشداری کردن لە دامەزراندنی جەماعەتێک بۆ جیهاد کردن بە گوتەی خۆیان دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 1988 کوڕێک لەگەڵمان هەبوو لە قوتابخانە بە ناوی سەعدەدین حەمید کە خەڵکی گوندی قەتەوی لەوێ دادەنیشت، منی بردە مەڵبەند، چوینە لای مەلا سەلمان دانیشتین، تەعاروفی پێ کردم، بەڵام هاتوچۆکردنەکەمان وانەبوو زۆری نەخایاند دابڕاین لەگەڵ یەکتر، ئیتر چوومە کۆلیژی پەروەردە لە بەشی زمانی عەرەبی وەرگیرام، وای لێهات ئەژی هاتەلام گوتی کارێکم پێتە بەس لای کەس باس ناکەی گوتی من فیکرەکم لۆ هاتیە نازانم پێت باشە یان نا کە جەماعاتێک دابمەزرێنین بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە، بەڵام گوتی ئەگەر پەشیمان بیەوە دەتکوژین، منیش رازی بووم لە سەر ئەو کارە.

هەڤاڵ دەچێتە ناو ئەنسار و بەیعەت بە ئەژی دەدات

هەڤاڵی تیرۆریست باس لە سەرەتاکانی پەیوەندی کردنی بەگرووپی تیرۆریستی ئەنسار و ئیسلام دەکات و دەڵێت:

ئەوەبوو لە ساڵی 2001 سەرەتای دامەزراندنی ئەنسار بوو، باسی شەڕەکانی جوند لئیسلامان کرد کە سەرەتا جوند لئسلام بوو، دواتر هاشم باسی وەزعی ئەولای کرد، عەبدوڵڵاش لە خۆڕا گوتی حەزدەکەین بچین، هاشمیش گوتی کێ دەیەوێ بچێ من حازرم بیبەم، گوتم کاک هاشم حەزدەکەم ئیش بکەم لە ناو هەولێر وەکو تەنزیم، گوتی باشە دەتبینم، قسەی لە سەر دەکەین، ئەژی گۆتی من دەبی بەیعەتێکت لێ وەربگرم، بەیعەتەکەی ئەژی وابوو کە دەیگۆ: (اعاهد ان اکون مع جماعتی فی الظراء وفی النشق والمکره، لە ئاخیرەکەی دەیگۆت (جهاد فی سبیل الله) ئەوەبوو سەرەتا ئیشمان لەگەڵ هاشم بوو لە هەمان کاتیش دەستمان کرد بە دەرس خوێندن کە سەرەتا لە ماڵی هاشم دەمانخوێند.

وانەی بەرەنگار بوونەوەی تەحقیق

هەڤاڵی تیرۆریست لە دانپیانانەکانی باس لەو وانانە دەکات کە لە لایەن مامۆستا تیرۆریستەکانی دەیخوێند، لەو وانانە وانەی چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی کاری تەحقیق کردنە کە پیاوانی ئاسایش و دەزگا ئەمنیەکان ئەنجامی دەدەن، ئەوەتا خۆی دەڵێت: لەو دەرسانەی دەمانخوێند (دروس علمیه المجاهدین) ئەویش بەرەنگار بوونەوەی شێوازی تەحقیقات لەگەڵ ئاسایش بوو، گوتی ئەگەر ئەوەش تەواو بخوێنین، کتێبێکی تریش دەخوێنین بە ناوی (السریه فی الاسلام) کە مەلزەمەیەکی بچوکە لە دانانی (ئەبو خوبەیب)ە لە هەمان کاتیشدا کە دەرسیشمان دەخوێند پەیوەندیشمان لەگەڵ مزگەوت هەرمابوو، بە هەمان شێوە کتێبێکمان دەخوێند بە ناوی میللەت ئیبراهیم، هاشم کە لە سەرەتای ئیش کردنیش بووم مەجموعەیەک بەیاننامەی دایەمن دامەزراندنی ئەنسار و شەڕەکانی ئەنسار، لە ناوزەرفێکی دانابوو گوتی بیخوێنەوە پاشان تەسلیمی منی بکەوە.

بۆ راهێنان لە سەرچەک بە پسوڵەی بزووتنەوەی ئیسلامی دەچنە بیارە

هەڤاڵی تیرۆریست ئەوە دەگێڕێتەوە چۆن بۆ خۆ قورتارکردن لە سەیتەرەکان پسولە لە بزووتنەوەی ئیسلامی وەردەگرن بۆ ئەوەی بچنە بیارە بۆ تەدریب کردن، لە مبارەیەوە دەڵێت: ئەژی زۆر تەئکیدی لە سەر ئەوە دەکردەوە کە بچم دەورە بکەم بۆ ئەوەی دەستم لەسەر چەک رابێنم، لە بەر ئەوەی من لە شێوازی تەقاندنی چەک نەمدەزانی، وای لێهات لە ساڵی 2002 بوو هاوینەکەی ڕۆژێک هاشم هاتەلام گوتی ئەوە بڕیارماندا کە سەفەر بکەین بۆ بیارە و خۆت حازر بکە و لە ماڵی بڕێ ئەمن سەفەر دەکەم بەس مەڵێ سەفەر دەکەم بۆ بیارە کەشێکی وا ئامادە بکە لە عەینی کات 150 دیناری دامێ گوتی ئەوە لە بۆ ڕێگە بێت، تارۆژی سەفەرکردنەکەم من چوومە گەراجی بەغدایی لەوێندەر چاوەڕێی هاشمم دەکرد بەڵام هاشم لەگەڵ کوڕێکی تر نەمدەناسی ئەوکات بەس تەنیا دۆقەمان کردو تەواو، تاوای لێهات کاتەکی هات هاشم بزربوو گووتی ئێستا دێمەوە، کە هاتەوە دوو پسولەی هێنابوو پسولەکە هی بزووتنەوەی ئیسلامی بوو، پسولەکە عدم تەعەروز بوو بەڵام لە سەرناوەکەمان تێپی لێدرابوو، بەڵام پسولەکە بۆ کاتێکی دیاری کراو بوو بۆ پازدە ڕۆژ تامانگێک بوو، بۆ ئەوەی لە سەیتەرەکان ڕێمان لێ نەگرن، تا گەیشتینە سەیتەرەی ئەنسار، هیچیان ڕێ نەگرتین و ناڵە زەردەها دابەزین و چوینە مزگەوتەکەی زەردەها چاوڕێمان کرد، دەبوایە ئەو کات راست بمانبەنە بیارە بەڵام لە بەرئەوەی وەزعەکە تەواو نەبوو لە مزگەوتەکە ماینەوە، نزیکەی سەعات 2 بوو گەیشتینە زەردەها ماوەیەکی تر چوو سەیارەیەکی مێکزەمین هات، مێکزەمینەکی قەدیم بوو، کابرایەکی ریشداری تێدا بوو، کابرایەکە جەعفەرە شەل بوو، بەرێ کەوتین تاگەیشتینە بیارە لەوێ لە بینایە یەک دابەزین ئەویش بینایەی ئاسایشی بیارەبوو، لە وێندەرێ کابرایەک هاتەلامان ئەویش ئەیوب ئەفغانی بوو ماندوو دیاربوو لە شەڕهاتبۆوە، بەخێرهاتنی کردین، دواتر نانی ئێوارەمان خوارد شەوێ باسی وەزعەکەی بۆ کردین کە ئەوشەو شەڕبووە و نەفەرێکمان لێ کوژرایە و ئەندامی شورایە بە ناوی ئەبوبەکر تەوحید، باسی وەزعەکەی کرد کە هێزەکانی ئەنسار زۆر بەشداری شەڕەکانیان کردیە و کە زانیشی ئێمە بۆ دەورە هاتوینە، گوتی بەڵێ دەزانم بۆ دەورە هاتونە و لە لایەن سامان نێردراون، ئێمە نەمانزانی سامان کێیە، هاشمان دەیزانی، چونکە هاشم وەکو دەلیلێکی ئێمە بوو لە ڕێگەدا ئەوەبوو شەو ماینەوە، نەیان هێشت نەفەرەکانی دیکەبێن بمانناسن تا عەبدوڵڵا هاتەلامان و شەو لە لامان مانەوە، بۆ سبەینەکەی بۆ نوێژی بەیانی بانگیان کردین، ئەوەبوو سەیارەیەکی بەرازیلیان بۆ تەرخان کردین کە ئێوە بگەڕێنەوە بۆ خورماڵ، ئەمن و هاشم بووین چەکدارەکیشیان لەگەڵ ناردین، تا گەڕاینەوە، لە ڕێی دەرۆیشتین تا گەیشتینە خورماڵ، لە خورماڵ نەیان هێشت لە بەرچاوی خەڵک دابەزین ئێمەیان بردە نزیک مزگەوتێک ئیمە لەوێ دابەزین.

دەچنە کەرکووک بۆ چەک کڕین

لە سەید سادق سەیارەکمان گرت بۆ سلێمانی و لەوێش گەڕاینەوە هەولێر، هاشم گوتی پێم باشە زیاتر کار بکەین لە بۆ ئەو جەمعە و نەفەری تر بانگ بکەین، ئەوە بوو لەگەڵ دەشتی پیاسەمان کرد بەپشت قەریە زانکۆ، لەوێندەریش قسەمان کرد و داوام لێکرد ببتە ئەنسار و بەیعەتیشم لێوەرگرت، شەوێک چوومەلای هاشم گوتی ئەلعەن بەرێ دەکەوین لۆ کەرکووک هەندێک ئیشم هەیە لە کەرکووک، چوینە کەرکووک، هاشم بەدوای چەک کڕین دەگەڕا، دەیویست چەک بکڕێت.

ئەوە بوو هاتینەوە هەولێر، هاشم هاتەلام تا مزگەوتی ٩٢ ڕۆیشتین چونکە ماڵی هاشم نزیکەی مزگەوتی ٩٢بوو ئیتر پیاسەمان کرد، پاشان کوڕێک هاتەلامان، هاشم گۆتی ئەوە ناوی هیوایە، تەعاروفی پێ کردین کە ئەویش ناوی هێمن ئەحمەد عوسمان بوو ئەوەبوو سەرەتای قسەکردنمان بوو لەگەڵ هێمنی، گۆتی کاکە دەبی دەست بکەین بە کارکردن، ئیش بکەین و تەعقیباتمان لۆ بکەی، گوتم کاکە ئەمن لە کۆتایی ساڵم لە بۆ خوێندن گۆتی ئەمن هاقم پێدانییە دەبی مەجالەکی لۆ خۆت ببینیەوە کەوا بچی تەعقیباتەکەی بکەی. ئەگەر بشکرێ تەعقیباتەکی وەزارەتی ناوخۆم لۆ بکەی و بزانی دوکانەکانی تەنیشت وەزارەت کامیان سەربە وەزارەتی ناوخۆنە، گۆتم باشە.

هەڤاڵ لە مووسڵ

پاشان وای لێهات مەوعیدم لەگەڵ هێمن قەتع بوو، تا ڕۆژێکیان هاشم هاتەلام گۆتی کاکە خۆت حازر بکە سبەینێ لۆ سەفەرەکی گۆتم باشە، ئەوەبوو سواری سەیارەی مووسڵ بووین تاگەیشتینە گەراج، لەوێ دابەزین، تەکسیەکمان گرت لە بۆ گەڕەکی جامیعە، وای لێهات ئەو کوڕە بە دیار کەوت هێمن، ئەوەبوو هێمن باسی وەزعەکەی ئێستای کرد و باسی کرد چەند عەمەلیات کرایە و گۆڕانی وەزع و شەڕەکانی ئەمریکا. ئەوە یەکەم مەوعیدم بوو لەگەڵ هێمن لە مووسڵ، پاشان گەڕاینەوە لەگەڵ هاشم.

تیرۆریستانی بەناو ئەنساری ئیسلام لە کاتی مەشق کردن بۆ کاری تێکدەری و تۆقاندن

هەڤاڵ-ی تیرۆریست کێیە؟

ناوی تەواوی هەڤاڵ بورهان محەمەد ئەمین ئیسماعیل ناوی نهێنی ئارییە، ساڵی 1979 لە شارۆچکەی خەبات لە دایکبووە، سەرەتاکانی کاری بەناو ئیسلامی لە مزگەوتی ماجیدی لە هەولێر لەڕێی خوێندنی دەرس و دروسی ئیسلامی لە لایەن چەند مامۆستایەکی تیرۆریستی وەکو ئەژی دەست پێکردووە، یەکێک بووە لەو تیرۆریستانەی لە سەرەتاکانی دامەزراندنی ڕێکخراوی ئەنسار و ئیسلام لە کوردستان بەشداری کردووەو ڕۆڵی باڵای لە چەندین کاری تیرۆریستی گێڕاوە.